


# نامەكان

هەڵبژاردەیەك لە شیعرەكانی

عەباس مەعروف

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەبار سابیر

١

حەزدەکەی برۆم و

جلەکانی خودات

بۆ بدزم؟

٢

گەر هەموو ڕێگەکە

ئاگر و ئاو بێت

تەنانەت گەر خودا

گوڵێکی چکۆلەی ناو سەراب بێت

**تۆ لەو سەری وەستاوی**

**کیژی مانگی گوڵان!**

**تەنها بڵێ لە کوێی زەوی**

**دەگەم بە تۆ؟**

٣

له خەوەکەی مندا

فریشته نەبووی

خۆت بووی

ئەستووره نەبووی

ژن بووی

جوان و بەشکۆ

له خەوی مندا
هەر وەک بێداریم
لەپەنا وشەکاندا سەمات دەکرد
ماچێکی لێوتم کرد و وتم:
هەر لێره وەمێنه ئازیزم
ئاگر
به ئاگر ناسووتێ.

٤

هێشتا فرمێسکەکانم نەرژابوون

بە سەر دەموچاومدا نووشتایتەوە و

فرمێسکەکانمت خواردەوە.

نها تۆ نووستووی سەروەرم!

منیش لێرە بە خۆم دەڵێم:

هەر چەند ساتێک لەمەوبەر بوو

گریام

بۆچی فرمێسکەکانم ونبوو!

٥

کەنینەکانی تۆ

منداڵیم پێدەبەخشێتەوە و

باوەشی تۆ

ئارامی بەهەشت و

دەستەکانت

متمانەیەک کە بە مرۆڤم هەیە...

چەندە لە نەبوونت دەترسم

خاتوونە بە شکۆکەی خۆم!

٦

دڵتەنگی بۆنی قژت

جیاوازە لە هەموو

دڵتەنگییەکانی دی.

٧

ئەو کاتانەی لێرە نیت

چۆنچۆنی بڵێم خۆشمدەوێی

تا بیبیستی؟

٨

کاتێک لێرە نیت

دەمەوێ بزانم چیت لەبەردایەو

هەزار شتیتریش.

٩

سەرەتا دەستت مەرەکەباوی بکەو

وەرە دووی جەستەم

پاشانیش بزانە

دەستەکانت

بە کوێی جەستەمدا هێناوە.

١٠

گەر بریار بێت

هەزار جار بژیم

هەر هەزار جارەکە

من هی تۆم.

١١

چاوەکانم دەرگاو پەنجەرە

بۆ هەموو جێیەک دروست دەکات

بەڵکو بێی.

١٢

ئەویندارى چاوەکانت بم

دەرگام لێدەکەیتەوە

یا لە پەنجەرەوە بێم؟

١٣

دەستەکانت لە دەستمدا بوون و

خەبەرم بۆوە...

دەمەوێ

دیسانەوە چاوەکانم بنووقێنم.

١٤

گەر تۆ هەبی

خودایش هەیە و

زەوی بە دەوری خۆری خۆیدا دەخولێتەوە

کە تۆیت.

١٥

دێیت تا هەموو دنیا تاریک بکەین و

پاشان

تۆ هەمووی ڕووناک بکەیتەوە؟

ئەسڵەن دێی خۆر ڕەوانەی

لای خودا بکەینەوە

تۆیش ببینی ئامادەییت بەسە؟

١٦

دەست بۆ یادەوەرییەکانم دەبەم

کارێک دەکەم

کە لە سەرەتاوە

بیت

لەو ڕۆژەوەی دەستەواژەی ئەوینم ناسی.

١٧

چی؟

دەبێت چی بڵێم؟

بڵێم خۆزگە لێرە دەبوویت

تا من تێنەگەم چاوەکانم نووقاون یا کراوە؟

بڵێم نەبوونت

گەرد گەرد تەواوم دەکات؟

١٨

لێگەڕێ ئەمجارە کە بینیمیت

کارێک بکەم تا کاتژمێرە دیوارییەکە

بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی هاتنە دنیات و

خودا

خۆی لە پشت دەستەکانییەوە بشارێتەوە.

١٩

بنوو تا سەیرت بکەم و

بۆ هەر هەناسەیەکی تۆ

ماچێک بکەم بە تامی....

هەرچییەکەت بوێ.

٢٠

بەراست

دەریای دەستەکانت

شینی زەوییە؟

دەزانی

گەر رەشیش بێت

رووناکی ژیانی منە.

٢١

سەیرکە

دڵتەنگیت لە باوەشمدا ببینە!

چی لێبکەم؟

٢٢

بۆچی کاتیک دەرۆی

هەموو جێیەک تاریک دەبێت؟

چما سەرەتا مردبووم و

ترسابووم

تۆیش نەبووی...

نەک ئەوەی بگریم، نا

تەنها خەریکم دەیگێرمەوە بۆچی ورکم گرتبوو و

ئارامم لێهەڵگیرابوو.

٢٣

دەتەوێ بە خەیاڵتەوە بژیم؟

دەستت بگرم و

بتبەمە رێستورانتێکی مەکسیکی؟

داوای چی بکەین

کە پتر لە منت خۆشتر بوێ؟
پاروویەکت بە دەمەوە بکەم
ساتێک سەیرت بکەم؟
چی دەخۆیتەوە؟

٢٤

من

دەبمە بەهار و

تۆیش بە لێوەکانت

سەراپام بکەرە گوڵ.

٢٥

وتبووم؟

هەموو رەنگێکت لێدێت و

کاتێک دەرۆی

سەراپا بێ رەنگ دەبێ؟

دنیاکەی من.

٢٦

ونتکەم یا بتدۆزمەوە

لە نیو چەرچەفەکاندا؟

٢٧

لەگەڵ بوونت

بەهەشتم بینی

ئێستا خودا

بە شوێن سێوێکی سووردا دەگەڕێ

تا لە بەهەشتی ئاسمان

دەرکرێ.

٢٨

من ئەویندارى تۆم

هیچى دى نیم

ئەویندارى تۆ و

هیچى دى

تۆ نەبیت، منیش نیم.

٢٩

نا!

تۆ بە هیچ شتێک ناگۆڕمەوە

تەنانەت بە ژیانیش.

٣٠

بەمجۆرە باشە

ئەویندارت بم

یا

جۆرێکی دی خۆم بگۆرم؟

تۆ بڵێ

سەوز یا شین؟

٣١

نووسینەکانت گەورە دەکەم و

دەیلکێنم بە ئاوێنەکەوە

تا لە بری خۆم

تۆ پێکەنی.

٣٢

هەر کاتێک بۆت بێتاقەت بم

سێو دەخۆم

بۆ چاوەکانم.

٣٣

بۆنی لەشت

دەمگێڕێتەوە

بۆ دەورانی بەر لە خۆم

بەرلەوەی کە هەبیت.

مەگەر بەر لە تۆ

سێویش هەبوو؟

٣٤

له بەیانییەوه بانگم کردی و

ئەسڵەن بەسەر خۆم نەهێنا

که لێره نیت.

٣٥

تەنها هەبە

تا ببینی خودا

چۆنچۆنی بە دەستەکانی تۆ

هەموو رۆژێ

دەمخولّقێنێ.

٣٦

بێ تۆ

ئەو شتەی پێویستم نییە

خۆمم.

٣٧

هیچ بەڵگەیەک نییە

تا عاشقت نەبم.

٣٨

ئەوینم بۆ تۆ

بەدەر لە تاقەتی خودایە

بڵێ چبکەم؟

سەروەرم!

٣٩

خۆش بە حاڵی ئەو پیاوەی کە
تۆ لە ژیانیدا
دێیت و دەرۆی
خۆش بە حاڵی ئەو پیاوەی
تۆ بە قوربان و بەساقەی بی

خۆش بە حاڵی ئەو پیاوەی
کە دەستە جوانەکانی تۆ
قۆپچەی کراسەکەی
بکاتەوەو دایخاتەوە.
تا لێوەکانت بزەیان بێ.
خۆش بە حاڵی من!

٤٠

تا نهۆ کەسێک

دەستی بە گیرفانتدا کردووە؟

گەر وابکەم

شەقامەکە چەندیش قەرەباڵغ بێت

ون نابم.

٤١

خەیاڵم کرد

من مردووم و

ئیدی تۆ نیت.